# کۆمیتەی گواستنەوەی سەنتەری نیشتماتی ونبووبێسەروشوێنان کۆبۆوە

ئەمرۆ سێشەممە  رێکەوتی 28 ی ئاداری 2006

کاتژمێر 13.00 تا 14.30 بەکاتی بەغدا, ئەندامانی کۆمیتەی گواستنەوەی ئەنجومەنی گواستنەوەی سەنتەری ونبوو بێسەروشوێنانی عێراق یەکەمین کۆبونەوەی خۆی لە شاری بەغدا بە سەرپەرشتی جیانی مکازینی بەرپرسی نوێی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق( یۆنامی) بەرێوەچوو , جێگای ئاماژە پێدانە کە ئەو سەنتەرە لە کۆتایی کۆبونەوەکانی عەممانی پایەتەختی ئوردن لە 24 – 28 ی ئەیلولی 2005 بڕیاری لەسەر درابوو, بەو مەبەستەی لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق بڕیار لەسەر پڕۆژە یاساییەکەی بدرێت, بەڵام تا ئەمرۆ بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. لەو کۆبونەوەیە وێڕای نوسینگەی یۆنامی لە بەغداو نوێنەری وەزارەتو داموزراوەکانی پەیوەندداروو نوێنەری کۆمەلەکانی خێزانی ونبوان هەروا لە  عەمان , بۆسنا, سەرایڤۆ, بەرازیلو بەریتانیا ئەندامانی کۆمیتەکە لە رێگای پەیوەندی ( لنکی تەلەفۆنیو فدیۆ ) وە, بەشداری گفتوگۆیەکانیان کرد, لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانیشەوە, نوێنەری ناوەندی هەڵەبجە لە کوردستانو نوێنەری وەزارەتی مافی مرۆڤ بەشدار بوون.

دوای وتاری کردنەوەی کۆبونەوەکە لەلایەن بەرپرسی یۆنامی لە عێراق, ئەمجار بەشداربوون خۆیان ناساند, پاشان بەرنامەی کۆبونەوەکە خرایە بەر دەست کە بەو شێوەیە بوو:

وتاری جیانی مکازینی بەرپرسی ی‌ونامی لەعێراق. 2- گفتوگۆ دەربارەی رەوشی پرۆژەکە. 3- جێبەجێکردنی راسپاردەی کۆبونەوەکانی پێشوو:

ء – یاسارێژی  ب- راهێنان  ج- چارەسەرکردنی زانیارییەکان

4- گفتوگۆ دەربارەی پلانی داهاتوو

5- هەر بابەتێکی دیکە

لە کۆبونەوەی ئەمڕۆدا, دوای ئەوەی هەر یەك لە جیانی مکازینیو ئیلیۆ تەمبوری بەرپرسی نوسینگەی بەغدای یۆنامی باسیان لە گرنگی ئەو کۆبونەوەیەو دامەزراندنی سەنتەرەکە کرد, هەروا هۆکاری بەکارنەخستنی سەنتەرەکەیان  بە رەوشی نائارامی عێراق و بێ پارەیی بەستەوە, چونکە تاوەکو پڕۆژە یاسایی سەنتەرەکە لە لایەن پەرلەمانەوە رەزامەندی لەسەر نەدرێ لە لایەن وڵاتانی پارەبەخشەوە هاوکاری ناکرێ, پاشان بە شداربووان لەمەڕ بابەتەکانی گۆڕەبەکۆمەڵەکان , ( گب الشرعی ) ,کۆکردنەوەی زانیاریو کۆگاکردنی و چۆنیەتی دامەزراندنی سەنتەری زانیاریو دیکۆمینتو میکانیزمی راهێنانی راهێنەرانو هۆشیارکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان قسەو باسیان لەسەرکرا,

نوێنەری ناوەندی هەڵەبجە بە ژمارەیەك پێشنیار بەشداری کردو,ئەو کۆبونەوەیەی بە پێشوەچوونێکی باش دانا لە رێگای دامەزراندنی سەنتەرەکە, داوای لە یۆنامی کرد هاوکاری کۆمەڵەو رێکخاوەکان بکات لە رێگای سازدانی وۆرك شۆپو خولەکانی راهێنان دەربارەی هۆشیارکردنەوەو کۆکردنەوەی زانیاریو دیکۆمینتو یارمەتیدانیان بۆ دروستکردنی تۆڕی فراوان, هەروا  دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی خێرا لە نێوان ئەندامانی کۆمیتەی گواستنەوە, ئەوەو کۆبونەوەکە بە هیچ بڕیار و راسپاردەیەك دەرنەچوو, بڕیاروایە لە چەند رۆژی داهاتوو کۆبونەوەکە دەست پێبکاتەوە.

